# لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا
# بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان
# ئێستاو ئایندەی گەلەکەمان دەخاتە قورگی تاریکییەوە

گەلی تێکۆشەری کوردستان
کچان و کوڕانی کوردو تورکمان و ئاشوورو کلدان.
١٢ ساڵە بەشێکی کوردستانی نیشتمانمان ئازاد بووەو لە سایەی ئەم ئازادییەدا گەلێک دەستکەوتی گرنگ بەدیهاتوون. لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی ئازادیی و حوکمڕانی لە باشووردا دەستپێکراوە، کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی باشووری کوردستاندا گەلەکەمان ئازادییەکی لەم چەشنەی بەخۆیەوە دیوە، کە دەکرێت ببێتە بنەما بەرەو ڕزگاری وئازادیی یەکجارەکیی.
هەر بۆیە هەر چوار دەوڵەتەکە بەتایبەتی تورکیا، هەر لە سەرەتاوە لەبارچواندنی پرۆسەی ئازادیی و حوکمڕانیی باشووری کوردستانی کردۆتە بەشێک لە ستراتیژیەتی خۆی. بۆ یەک چرکەش لە دوژمنایەتی گەلی باشوورو تاقیکردنەوە سیاسییەکەی نەوەستاوە.
ئێستاش لەم قۆناغە ناسکەدا پێوەست بە هاتنی ئەمریکا بۆ لێدانی دەوڵەتی عێراق، تورکیا دەیەوێت کەڵک لە بەشداریکردنی خۆی و سوود لەم هاوپەیمانێتیە وەربگرێت و لەشکرکێشی بکاتە سەر کوردستانی خواروو، ئەمەش:
یەکەم: بۆ لەبارچواندنی پرۆسەی حوکمڕانی باشووری کوردستان.
دووەم: بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی کاریگەریی گەلی کوردستان و براکەی لە گۆڕانکارییەکان و لە ئایندەی عێراقدا.
سێیەم: بۆ دابینکردنی ڕۆڵێکی قەبەکراوو بۆ تورکیا لە عێراقداو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئایندەی.
بۆ ئەنجامدانی ئەم نەخشانەش سەرەرای کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی لێدانی عێراق و سوود وەرگرتن لە ڕۆڵی ئەمریکا، تورکەکان سەرمایەگوزاری لە دووبەرەکی نانەوەو هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوخۆیی لە باشووردا دەکەن.

بۆ ئەمەش پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی هەردوو حزبە حوکمڕانەکە لە هەمبەر دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیادا یەک خیتابی دیپلۆماسی و سیاسیی و سەربازییان هەبێت و، هیچ درزو کەلەبەرێک نەهێڵنەوە تورکیا بتوانی بە "کەپوو" پیایدا بێتە ژوورێ.
هەر پێوەست بەم خاڵە کاتی ئەوە هاتووەو زۆریش درەنگە، کە "جەبهەکەی صنعان قصاب و میتی تورکی" بە ڕەسمیی قەدەغە بکرێت چونکە تاکە دەزگایەکە لە کوردستاندا کە سەر بە موخابەراتی دەوڵەتێکە هەڕەشەی داگیرکردنی باشوور دەکات. ئەگەر پێشتر شەڕی ناوخۆیی ببووە زبڵدان و زەمینەی بە پەیین و پیتی سەرهەڵدان و زاوزێکردنی ئەم جۆرە دەزگا موخابەراتیانە، ئەوە نابێت چیتر چاوپۆشی لە "جەبهەکەی صنعان قصاب" بکرێت، کە بە پشتیوانی دەوڵەتی تورکیا، ڕۆژانە سووکایەتی و ئیهانە بە کەرامەت و خواست و ویستی گەلی کوردستان دەکات بە کوردو تورکمان و ئاشوورو کلدانەوە.

ئێمە لە کاتێکدا داوا لە گەلەکەمان دەکەین بە هەموو وزەو توانایەکەوە لە دەوروبەری دەسەڵاتی سیاسی باشوور کۆبنەوە بۆ دیفاعکردن لە گەلەکەمان و ئازادییەکانی و ڕێگەگرتن لە لەشکرکێشییەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا ، لەهەمان کاتدا ئەوە وەبیر سەرکردەکانی گەلەکەمان دەهێنینەوە، کە پاراستنی کوردستانی ئازاد تاقیکردنەوەیەکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەی هەموو کوردێکە لە پێشەوەیان دەزگا حوکمڕانەکان.
ئەگەر سەرکردایەتی کوردو دەزگا سیاسییەکانی باشوور یەکگرتوو بن و بە یەک خیتابی سیاسی دیپلۆماسی و خەباتی مەدەنیانەی جەماوەری دژی هاتنی لەشکری تورکیا ڕاوەستن، ئەمریکا لە باشووری کوردستانداو بە تایبەتی لەم مەسەلەیەدا ناتوانێت حساب بۆ کورد نەکات.

هەروا دەبێ داوا لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش بکرێت هەڵوێستێکی ڕاشکاوو عەمەلی لەم کارەدا بگرنەبەرو پێیان وانەبێت ئەمە تەنیا کێشەی نێوان کوردستان و تورکیایە.

پێویستە لەم خەبات و کارەدا گەلی برامان لە پارچەکانی تری کوردستاندا لە بیر نەکەین، کە دەبێ قەڵاو پشت و پەناو قوڵایی نەتەوەییمان بن. ڕاوەستان دژی داگیرکردنی باشووری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەبێ دورشمی هەر کوردێک بێت لە هەر پارچەیەکی وڵاتەکەمان و لەهەر گۆشەیەکی دنیادا بژیت.

**یەکگرتوو بیت بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە باشووردا**
**پارێزراو بێت کوردستانی ئازاد**
**تێکشکان بۆ دەوڵەتی تورکیاو نەخشە ڕەگەزپەرستییەکانی**

ناوەندی سەرکردایەتی
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
٢٠٠٣/٢/٢٧